# دیالەكتیكی نێوان ئازادی ژن و ژنی ئازاد لەمێژوودا
# "ئەزموونی خەباتی چەكداریی باكووری كوردستان بەنموونە"

**پ.ی.د.سەلام عەبدولكەریم**
زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەكان، سیدصادق
Salam.abdulla@univsul.edu.iq

**پوختە**
مشـــتومڕێكی مەعریفی گەورە لەســـەر چەمكی ئازادی بەگشـــتی و ئازادی ژن و ژنی ئازاد بەتایبەت هەیە، بەجۆرێ هەر ئاراســتەیەكی هزری و ســیاســی پێناســەو تێگەیشــتنێكی تایبەت بەخۆی بۆ ئەو چەمكانە هەیە. هەندێ ئازادی ژن بەئازادی جەســـتەوە پەیوەســـت دەكەن، بەڵام هەندێكی دیكە ئازادی ژن بەمانا فەلســـەفی و رۆحییەكەی وێنا دەكەن. ئامانجی ئەمجۆرە تێگەیشــتنانە بەرهەمهێنانی چەمكێكی نوێیە، كەخۆی لەژنی ئازاددا بەرجەســتە دەكات، بەو مانایەی ژنی ئازاد كێیە؟ لەم نێوەندە خەباتی چەكداری كورد لەباكووری كوردســـتان لەمێژوودا ئەزمونێكی گرنـگ و بەرچاوە بۆ پەیگیریكردن و لێكۆڵینەوە لەو دیالەكتیكەی لەنێوان هەریەكە لەچەمكی ئازادی ژن و ژنی ئازاددا هەیە، لەبەرئەوەی بەشێوەی تیۆری و دواتر پراكتیكیش لەنێو ئەو خەباتەدا ئەو دوو چەمكە بەرهەمهاتووەو جێگەی لێوردبوونەوەی زانســـتی زیاترە لەروانگەی توێژینەوەی ئەكادیمییەوە، چونكە خەباتی چەكداری كورد لەو پارچەیەی كورســـتان خاوەنی دیدو تێڕوانینی هزری و ســـیاســـی تایبەت بەخۆیەتی لەمەڕ ئازادی ژن و ژنی ئازاد.
ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لێكۆڵینەوە لەســـەر ئەو دیالەكتیكە بكات، كە لەنێوان چەمكی ئازادی ژن و ژنی ئازاد لەمێژوودا هەیە. بۆ ئەم مەبەســـتەش ئەزموونی چەكداری كورد لەباكووری كوردســـتان بەنموونە وەرگیراوە بەپشـــتبەســـتن بەژمارەیەك سەرچاوەی زانستی بەمەبەستی گەیشتن بەدەرئەنجامی بابەتی و زانستیی، بەئامانجی شیكردنەوەی دیالەكتیكی ئازادی ژن و ژنی ئازاد لەنێو یەكێك لەئەزموونە چەكدارییە كوردییەكانی سەدەی بیستەم لەمێژووی نوێ و هاوچەرخدا.
كلیلە وشە:(ژن، ئازادی، دیالەكتیك، باكووری كوردستان، مێژوو).

**الملخص**
مسـألة حرية المرأة هی احد المسـائل المعقدة لدی كثير من الاديان والحركات السياسـية الفكرية، بحيث كل منهم وفق اسـسـهم الفكرية ينظرون اليها، لكن ماهی حرية المراة وماهی دورها فی المجتمع؟ وماهی مكانة ودور المرأة فی ديمومة حياة البشـــرية؟ هل حرية المرأة مرتبط بحرية الجنسية ام حرية الملبس او مسائل اخری؟ وماهی علاقة مفهوم حرية المرأة بمهفوم المرأة الحرة؟
لذا تجربة كفاح المسلح فی شمال كوردستان فی تركيا لها فلسفة وايدولوجية خاصـة التی اهتمت بدور المرأة ومكانتها وخاصـة مســـألة حرية المرأة وفق مباد‌ءها وافكارها الثورية لخلق امرأة حرة بعيدا عن القيود الاجتماعية والطبقية والســياســية لممارســة حقوقها فی شـتی مجالات الحياة. ويعتقدون وجود امرأة حرة متعلق بتحرير المرأة، لانه هناك علاقة وثيقة بينهما. ولن يتحقق هذه المســألة حتی يحقق مبدأ المســاواة بين الرجل والمرأة وهذا مفهوم وتفكير اشــتراكی لأن مبادئ الفكرية واســس الايدلوجية لكفاح المسلح فی شمال كوردستان بتركيا يرجع الی جذوره الاشتراكية وخاصـة الفكر الماركس- اللينينی التی تبناها فی بداياتها السياسية والتنظيمية واشتركت المرأة فيها.
يتكون البحث من مبحثين اسـاسـيين بحيث المبحث الاول يتناول تأريخ ظهور الكفاح المسلـح فی شـمال كوردسـتان ومشـاركة المرأة فيها بداية مشـاركة سـياسـية وتنظيمية وبعدها مشـاركه مسلحة. والمبحث الثانی يتمحور حول مفهومی حرية المرأة والمرأة الحرة فی تفكير كفاح المسلح لشمال كوردستان وتناولنا فيها علی جدلية العلاقة وارتباط بين المفهومين. خاتمنا البحث بأستنتاجات ملخصة فی نهاية البحث.
كلمات مفتاحية: المرأة، الحرية، الديالكتيك، شمال كوردستان، التاريخ.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**Summary**

The issue of women's freedom is one of the complex issues in many religions and political intellectual movements, as each of them views it according to their intellectual foundations. But what is women's freedom and what is their role in society? What is the status and role of women in the continuation of human life? Is women's freedom linked to freedom of nationality, freedom of clothing, or other issues? What is the dialectic of the relationship between the concept of women's freedom and free women?

Therefore, the experience of the armed struggle in North Kurdistan in Turkey has a special philosophy and ideology that focused on the role and status of women, especially the issue of women's freedom in accordance with its revolutionary principles and ideas to create a free woman away from social, class and political restrictions to exercise her rights in various areas of life. They believe that the existence of a free woman is related to the liberation of women, because there is a close relationship between them. This issue will not be achieved until the principle of equality between men and women is achieved, and this is a socialist concept and thinking because the intellectual principles and ideological foundations of the armed struggle in North Kurdistan, Turkey, go back to its socialist roots, especially the Marxist-Leninist thought that it adopted in its political and organizational beginnings. Yemeni women participated in it.

The research consists of two main sections. The first section deals with the history of the emergence of the armed struggle in North Kurdistan and women's participation in it, initially as political and organizational participation, and then as armed participation. The second topic revolves around the concepts of women's freedom and free women in thinking about the armed struggle of northern Kurdistan, in which we discussed the dialectic of the relationship and the connection between the two concepts. We concluded the research with summary conclusions at the end of the research.

Keywords: women, freedom, dialectics, North Kurdistan, history.

**پێشەكی**

بەدرێژایی سەردەمە مێژووییەكان ژن وەك بونەوەرێك بوون و ئامادەیی هەبووەو رۆڵی گەورەی لەرەوڕەوەی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا هەبووە، بەجۆرێ لەهەندێ قۆناغی مێژوییدا ژن پێشەنگی بەرەوپێشبردنی كاروانی ژیانی مرۆڤایەتی بووە. بەهۆی گەشەكردنی كۆمەڵگە جیاوازەكان و هاتنەئارای ململانێ جۆراوجۆرەكان و سەرهەڵدانی ئایین و بیرو ئایدۆلۆجیای جیاواز ژنان روبەڕووی كێشەی جۆراوجۆر بوونەتەوە. یەكێك لەو پرس و بابەتە گرنگانەی پەیوەندی بەژنەوە هەیە بریتییە لەمەسەلەی ئازادی، بەشێوەیەك بیروڕاو ئایدۆلۆجیا جیاوازەكان هەریەكەو لەگۆشەنیگایەكەوە ئازادی ژن و ژنی ئازاد دەبینن. هەندێ ئازادی ژن لەرواڵەت و جلوبەرگ و هەندێكی تریش وەك كاڵا و هەندێكیش وەك كەرەستەی شۆڕشگێڕیی تەماشای ژن دەكەن.

لەم نێوەندەدا خەباتی چەكداری باكووری كوردستان وەك یەكێك لەئەزمونە سیاسی و چەكدارییەكانی مێژووی جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەكانی جیهان بەگشتی و مێژووی هاوچەرخی كورد بەتایبەت هەڵگری دیدو تێڕوانینی خۆیەتی لەمەڕ پرسەكانی ئازادی ژن و ژنی ئازادو پەیوەستە بەچەند پرسێكی گرێدراوی ترەوەو لەنێو تێڕوانینی ئەو خەباتەدا دیالەكتیكێكی قوڵ لەنێوان هەردوو چەمكی ئازادی ژن و ژنی ئازاددا هەیە.

هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەروانگەی توێژینەوەی زانستییەوە تائێستا لێكۆڵینەوە لەچەمكی ئازادی ژن و ژنی ئازاد لەچوارچێوەی ئەزموونی خەباتی چەكداری باكووری كوردستاندا نەكراوەو رەهەندە جۆراوجۆرەكانی ئەم دوو چەمكەو دیالەكتیكی نێوانیان شیەنكراوەتەوە. هەروەك لێكۆڵینەوە لەو رەگ و ریشە هزری و مێژووییەش نەكراوە، كەبوونەتە هۆی گەشەكردن و تیۆریزەكردنی چەمكی ئازادی ژن و ژنی ئازاد لەو خەباتە چەكدارییەدا، كە بوو بەهۆی گۆڕانی رۆڵی ژن لەرۆڵێكی بەرتەسكی كۆمەڵایەتی و كاڵاو شمەكییەوە بۆ رۆڵێكی شۆڕشگێڕیی و پەیامی

رزگاری نەتەوەیی و رەگەزی و چینایەتیش بەدوای خۆیدا هێناو بۆخۆیشی دیاردەیەکی مێژووییەو پێویستی بەتوێژینەوەی زانستییە.

هەروەك ئامانج لەنووسینی ئەم توێژینەوەیە رۆشنایی و تیشك خستنەسەر هەردوو چەمکی ئازادی ژن و ژنی ئازادە لەئەزمونی خەباتی چەکداری باکووری کوردستان و لێکدانەوەی دیالەکتیکی نێوان ئەو دوو چەمکە، بەشێوەیەك لەلێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا زیاتر بایەخ بەلایەنە مێژووییەکانی پشت دیاردەو رووداوەکان دەدرێت و کەمتر لایەنە هزرییەکان و فەلسەفەو ئایدۆلۆجیای بزوێنەری رووداوە مێژووییەکان راڤە دەکرێت، لەبەرئەوەی هەموو رووداوو جوڵەیەکی مێژوویی پشتبەستووە بەهزرو ئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراو، کەئاراستەی رووداوو دیاردە مێژووییەکان دەکەن.

ئەو میتۆدە زانستییەی لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوکراوە بریتییە لەمیتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، بەشێوەیەك سەرەتا باس لەمێژووی سەرهەڵدانی ریشەی خەباتی چەکداری باکووری کوردستان کراوە وەك رەنگرێژبوونی ئایدۆلۆجیاو رەوتە سیاسییەکەو دواتر گرتنەبەری خەباتی چەکداری و هۆکارەکانی، دواتریش خستنەڕووی ئایدۆلۆجیاو هزری سیاسی و فەلسەفی ئەو خەباتە چەکدارییەو پێگەو ماهییەتی ژن لەدیدی ئەو بیرکردنەوە سیاسی و هزرییەدا لەمەڕ پرسە پەیوەستەکانی ژن بەدیاریکراویش ئازادی ژن و ژنی ئازاد. لەهەر جێگەیەکیشدا پێویست بووبێت توێژەر لیکدانەوەو راو سەرنجی خۆی نووسیوە.

ئەم توێژینەوەیە لەدوو باسی سەرەکی پێکدێت. باسی یەکەم تایبەتە بەمێژووی خەباتی چەکداری باکووری کوردستان و بەشداری ژن تیایدا، کەتوێژەر بەووردی باسی لێکردوون. هەرچی باسی دووەمە تەرخانکراوە بۆ هەردوو چەمکی ئازادی ژن و ژنی ئازادو دیالەکتیکی نێوانیان، کەتوێژەر بەقوڵی تیشکی خستوتەسەر ئەو دوو چەمکەو شیکردونەتەوەو دواتریش دیالەکتیکی نێوانیانی روونکردۆتەوە. لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا بەکورتی گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەر لەنووسینی توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە خراوەتەڕوو.

لەنووسینی ئەم توێژینەوەیەدا سوود لەژمارەیەك کتێب و سەرچاوەی زانستی جۆراوجۆر وەرگیراوە، بەتایبەت توێژەر سوودی زۆری لەنوسین و کتێبەکانی تیۆرسینی هزری و ئایدۆلۆجی خەباتی چەکداری باکووری کوردستان(عەبدوڵا ئۆجولان) بینیوە، بەشێوەیەك پانتاییەکی فراوانی بۆقسەکردن و تیۆریزەکردنی هەردوو چەمکی ئازادی ژن و ژنی ئازاد تەرخانکردووە لەگەڵ باسکردنی رۆڵ و پێگەی ژن لەدیدو بیرکردنەوەی سیاسی و خەباتی چەکدارییدا. بەتەنیشتی ئەمەوە توێژەر دیسان پشتی بەئەدەبیات و رۆژنامەگەری خەباتی چەکداری باکووری کوردستان بەستووە، کەکەرەستەیەکی خاوو رەسەنی بواری بابەتی توێژینەوەکە بوون بۆئەوەی بەوردی بزانرێت دیدو تێڕوانینی ئەو خەباتە بۆ ئازادی ژن و ژنی ئازاد چییەو دوتریش دیالەکتیکی نێوانیان شیبکرێتەوە. لەکتێبەکانی(عەبدوڵا ئۆجەلان) وەك(مانیفیستو حرية المرأة)و (تحرير الجنسوية الاجتماعية)و (مسألة الشخصية وخصائص المناضل الثوری) و(مسايل خودسازی حزبی و وظايف ما)و (زبان وعمل انقلاب)و (عەشقی کورد)و (شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ژیانی نوێ). لەئەدەبیاتی نوسراوی خەباتە چەکدارییەکەش وەك رۆژنامەکانی(وڵات و ژیانی نوێ). هاوکات سوود لەژمارەیەك سەرچاوەی دیکە بەزمانە جیاوازەکان وەرگیراوە، لەسەرچاوە عەرەبییەکان وەك کتێبی(اندرو فنكل ونوکهت سيرمان) بەناونیشانی(ترکیا، المجتمع والدولة)و (میخائیل م.جونتر) بەناونیشانی(الاكراد ومستقبل تركيا). لەسەرچاوە کوردییەکانیش وەك کتێبی(کرستینا کۆیڤۆنەن) بەناونیشانی (جەنگی شاراوە لە باکوری کوردستان) و (نوخشە عەبدوڵا) بەناونیشانی(رۆڵی ژن لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی باشووری کوردستاندا). لەسەرچاوە فارسییەکانیش وەك کتێبی(جمیل بایك) بەناونیشانی (تاريخ حزب كارگران كردستان).

### باسی یەکەم/ مێژووی خەباتی چەکداریی باکووری کوردستان و بەشداری ژن

مەبەست لەخەباتی چەکداری لەباکووری کوردستان بریتییە لەو خەباتەی، کە لەدوای دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیاو گرتنەبەری سیاسەتی تواندنەوەو بەتورك کردن و راگواستنی کورد لەناوچەکانی خۆیان دەستیپێکردووە، بەدیاریکراویش لەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە تادەگاتە شۆڕشی ئارارات و دەرسیم،[1] دواتریش سەرهەڵدانی رێکخستن و گروپە سیاسی و چەکدارییەکانی کورد لەماوەی نێوان ساڵانی (1960- 1980)، بەڵام دەرکەوتنی ژن وەك کاراکتەرێکی کاراو سەرەکی لەنێو خەباتی چەکداری باکووری کوردستان هاوشانی پیاو، دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، بەجۆرێك بەرێژەیەکی بەرچاو ژنان چوونە ریزی ئەم رێکخستنە سیاسی و چەکدارییە نوێیەوەو دیدو تێڕوانینێکی فراوانیان بۆ مەسەلەی بەشداری ژن و ئازادی ژن و ژنی ئازاد هەبوو. ئەم پارتە سیاسییەش سەرەتا لەساڵی (1973)ەوە دەرکەوتن، کە شەش کەس بوون و لەنزیك بەنداوی (چوبوك) لەئەنقەرە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجامداو

1 افراح جاسم: موقف الاحزاب الاسلامية التركية من القضية الكردية فی تركيا، مج(دراسات اقليمية)، ع(10)، مركز الدراسات الاقليمية التركية، جامعة الموصل، ص(209-210).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بناغەی ڕێکخستنێکی نویی سیاسیان داڕشت، کەدواتر بەگروپی ئاپۆچییەکان ناسران.[2] دواتر لەماوەی ساڵانی (1973- 1978) ڕێکخستنەکە چوارچێوەیەکی هزری و ئایدۆلۆجی تایبەت بەخۆی وەرگرت،[3] کەبیری چەپڕەوی مارکسیزم-لینینزم بوو،[4] خەسڵەتی چەپی شۆڕگێڕی لەخۆگرتبوو. ئەم مۆدێلە لەچەپی شۆڕشگێڕیش بڕوای بەبەکارهێنانی زەبرو زەنگی شۆڕشگێڕانە هەبوو، کەئەوانیش لەژێر کاریگەری گروپە چەپەکانی ساڵانی حەفتاکانی تورکیادا بوون،[5]

دوای ساڵانێك لەخەباتی سیاسیی دواجار لەتشرینی دووەمی 1978 لەگوندی (فیس) بەئامادەبوونی (22) کەس دوای چوار ڕۆژ لەوتووێژ لەچوارچێوەی پارت و ڕێکخستنێکی سیاسی و چەکدارییدا بەناوی (پارتی کرێکارانی کوردستان-PKK) بڕیاری دامەزراندنیان دا. لەهەمان ساڵیشدا بەیاننامەی دامەزراندنیان ئامادەکردو لیژنەی ئامادەکار پێکهێنراو بەفەرمیش لەرۆژی (1979/3/2)دا پارتەکە راگەیەنرا.[6]

پاش ڕۆیشتنی ڕێکخستن و سەرکردەکانی ئەم پارتە بۆ سوریا لەکۆتایی ساڵانی حەفتاکانەوەو گیرسانەوە لەو وڵاتە، یەکەمین کۆنفرانسی خۆی لە رۆژانی(15-1981/7/16) سازکردو تێیدا بڕیار لەسەر گەڕانەوە بۆ نێو تورکیاو باکووری کوردستان بەمەبەستی بونیاتنانەوەی ڕێکخستنی چەکداریی دا.[7] لەمانگی (8 ی 1982)دا دووەمین کۆنگرەی خۆی بەست. تێیدا مەسەلەی دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی لەسەر بنەمای جەنگی گەریلایی خستە بەر باس. هەروەها بڕیاری ناردنەوەو ئاراستەکردنی ژمارەیەك گروپی چەکداریی بۆ باکووری کوردستان دەرکرد، کە ژمارەیان (350) چەکدار بوو.[8] ساڵی 1982 دەستنیشانکرا بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکداری، بەڵام لەبەر هەندی هۆکار نەتوانرا لەو ساڵەدا دەسپێبکرێت،[9] تا کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ئەو پارتە لەناوچەی (لۆلان) رۆژی (15ی ئابی 1984) دیاری دەکەن‌و بەکرداریش لەو دیرۆکەدا لەنێوچەکانی(شەمدینان و شیرناخ) لە چوارچێوەی جەنگی گەریلاییدا بەشێوەی هێرشبردن دەستپێکرد.[10]

لەراستیدا پەیڕەوکردنی خەباتی چەکداری لەباکووری کوردستان پەیوەندی بەچەند هۆکارێکەوە هەبوو لەوانە:

1. نکوڵیکردن لەماف و ناسنامەی نەتەوەیی کورد، هەروەها نکوڵیکردن لەبوونی کورد وەك نەتەوەو ئیتنییەکی جیاواز لە نەتەوەی تورك لەتورکیا. تەنانەت هەوڵی تواندنەوەشی دراوە، لەبۆتەی نەتەوەی سەردەستی تورکدا.[11] سەرباری قەدەغەکردنی ناسنامەی کوردیی، بەشێوەیەك رێگە نادرێت ناو بە مانا نەتەوەییە کوردییەکەی لەو وڵاتە لەئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیدا بەکاربهێنرێت.[12] هاوکات دەسەڵاتدارانی تورکیا بەکردەوە ئەم نکوڵیکردنەیان لەچوارچێوەی دەستوورو یاساو ژیانی سیاسی‌و فەرمانڕەواییدا تیۆریزەیان کردووەو دەستووورە جیاوازەکانی تورکیا وەك کەمینەی نەتەوایەتیش ناوی نەتەوەی کوردیان نەهێناوەو نکوڵی لێدەکەن. تەنانەت بەگوێرەی مادە یاساییەکانی نێو ئەو دەستورانە رێگری‌و هەڕەشە لەپارتە سیاسییەکانی نێو ئەو وڵاتەش دەکرێت، کە بیانەوێت پرسی نەتەوایەتی کورد لەچوارچێوەی مافە سیاسییەکانی کەمینە ئیتنی‌و نەتەوایەتییەکان لەپەیڕەوو پرۆگرامیاندا جێگیر بکەن.[13]

2. پەیڕەوکردنی توندوتیژی و سیاسەتی چەوساندنەوەو کوشتوبڕی کورد، بەجۆرێ لەدامەزارندنی کۆماری نویی تورکیاوە تائێستا زیاتر رێگەچارەی سەربازی بەرامبەر بەکورد گیراوەتەبەر، ئەم توندوتیژی نواندنەش لەلایەك لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە دەسەڵاتدارانی تورکیا کۆمەڵگەی تورکییان لەسەر بنەمای ئیتنی دابەشدەکرد، بە پەیڕەوکردنی

---

2 عبدالله اوجالان: زبان وعمل انقلاب، ت(گروه اکادمی اجتماعی علوم اجتماعی عبدالله اوجالان)، نشر اول، چاپخانه(ازادی)، 2008، ص50.

3 جميل بايك: تاريخ حزب کارگران کردستان PKK، ج(اول)، چ1، چاپخانە(ازادی)، 2006، ل87، هەروەها بڕوانە (1978/11/27) پێچێکی مەزنە لە دیرۆکی کوردو مرۆڤایەتیدا، ر(وڵات)، ژ(42)، دووشەممە(28 تشرینی دووەمی 1994).

4 عبدالله اوجلان: مسالة الشخصية فی کوردستان، خصائص المناضل الثوری وحياة الحزب، مط(روج)، بدون سنة الطبع، ص113.

5 حەسەن جودی: مێژوویێك لە ئاگر، چاوپێکەوتن لەگەل جەمیل بایك، چ1، 2008، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیتەی راگەیاندنی(پ.چ.د.ك)، ل(63-64).

6 د.عبدالفتاح علی يحيى البوتانی: حزب العمال الکردستانی، نشاته وتطوره، من کتاب: د.خليل علی مراد واخرون: القضية الکردية وتاثيرها علی دول الجوار، وزارة التعليم العالی والبحث العلمی، جامعة الموصل، مرکز الدراسات الترکية،1994، ص120، حەسەن جودی: مێژوویێك، س.پ، ل227.

7 رعد عبدالجليل مصطفی: صراع الاستيعاب والانفصال، دراسة فی تجربة حزب العمال الکردستانی، فی کتاب مجموعة المؤلفين: الوحدة الوطنية ومشکلة الاقليات فی العالم الثالث، ط1، مطبعة التعليم العالی، الموصل، 1989، مرکز دراسات العالم الثالث، کلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ص116.

8 عبدالله اوجلان: مسيره روما، ط1، 2002، منشورات، صوت کردستان، السلسلة العربية(5)، ص112.

9 عبدالله اوجلان: خارطة الطريق، قضايا الدمقرطة فی ترکيا، نماذج الحل فی کردستان، ت(زاخو شيار)، مط(ازادی)، 2012، ص100.

10 صبرية احمد لافی: الاکراد فی ترکيا، معهد الدراسات الاسيوية الافريقية، جامعة المستنصرية، سلسلة الدراسات الترکية(22)، 1985، ص119.

11 ميخائيل م.جونتر: الاکراد ومستقبل ترکيا، ت(د.سعاد ابراهيم خضر)، ط1، مرکز کردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2007، ص38.

12 ابراهيم الداقوقی: اکراد ترکيا، ط2، دارئاراس للطباعة والنشر، اربيل، 2008، ص186.

13 اندرو فنکل وليم هيل: السياسة واجراءتها فی الانتخابات الترکية العامة عام 1987، ماخوذ من اندرو فنکل ونوکهت سيرمان: ترکيا، المجتمع والدولة، ت(محمد الدوری وعدنان مصطفی)، ط1، دارالحکمة، بغداد، 2002، ص140، وگولستان گوربای: تطور الحرکة القومية الکردية، من کتاب هنری بارکی واخرون: القضية الکردية فی ترکيا، ت(هفال)، مطبعة مؤسسة ئاراس، هولير، مؤسسه موکريانی للبحث والنشر،2007، ص(40-42).

چەمكی(نێوەندو دەرەوە یان نێوەندو پەراوێز).[14] ئەمە وایكرد بوو تاڕادەیەكی زۆر رەگەزی توركیی خۆی لە روبەڕووبوونەوەی هەریەكە لە رەگەزەكانی تری(كوردو ئەرمەنو عەرەب)دا ببینێتەوە[15]. مەبەست لە چەمكی(ناوەندو دەرەوە یان نێوەندو پەراوێز) بریتییە لەو تێڕوانینە رەگەزپەرستییەی، كە نەتەوەی سەردەست بە نەتەوەی رەسەن دەزانێتو نەتەوەكانی تر، كە لەگەڵیدا دەژین وەك غەوارەو نەتەوەی خزمەتكار دەبینن، بێگومان ئەمەش پێوەندییەكی پتەوی بەتێزی راسیزم بۆمێژووەوە هەیە، كە هەریەكە لە نازیزمی ئەڵمانیو فاشیزمی ئیتالیو كەمالیزمی توركی رۆڵیان لەبەرجەستەكردنیدا هەبوو.[16] لەلایەكیترەوە لای دەسەڵاتی سەربازیی ئەو وڵاتە مەسەلەی كورد كێشەیەكی نەتەوەییو مەترسییەكی چاوەڕوانكراو بوو لەمەڕ بنەمای(یەكێتی گەلو خاكو نەتەوە شایانی پەرتبوون نییە). لەبەرئەوە پرسی كورد وەك پرسی جوداخوازیی لەقەڵەم دەدرا. بۆیە تاقۆناغەكانی دواتر رێگەو شێوازی بنەڕەتی لەڕوبەڕووبوونەوەی مەسەلەی كورد بریتیی بوو لە پەیڕەوكردنی توندوتیژی لەچوارچێوەی سیاسەتو چارەسەری ئاسایشییو سەربازییدا.[17]

3. دەسەڵاتدارانی توركیا گەشەپێدانی ئابوورییان وەك چەكێك دژ بەكوردو جوڵانەوەی رزگاریخوازییەكەی بەكاردەهێناو جیاوازی و جیاكارییان لەپەرەپێدانی ناوچەكانی توركیا دەكرد بەتایبەت بەرامبەر بەناوچە كوردنشینەكان لەو قۆناغەداو جیاوازییان لە نێوان پێكهاتە ئیتنییەكانی نێو وڵاتەكەیاندا دەكرد، بەشێوەیەك زۆربەی كورد، كە لەباكووری كوردستاندا نیشتەجێبوون لەڕووی گەشەپێدانی ئابوورییەوە بێبەشبوون، لەكاتێكدا نێوچە تورك نشینەكان سودمەندبوون لەگەشەی ئابووری و بەرنامەی پەرەپێدانی ئابووری حكومەت، بەدیاریكراویش ئەو قۆناغە زەمینەسازبوو بۆهاتنەئارای پەیڕەوكردنی خەباتی چەكداریی لەباكووری كوردستان.[18]

4. جیاوازیكردنی كۆمەڵایەتی و دژایەتیكردنی پێكهاتەی ئیتنی و نەتەوەیی كوردو بەرزراگرتنی نەتەوەو ئیتنی تورك، كاریگەری لەسەر دابەشبوونی كۆمەڵگەی توركی هەبوو لەسەر بنەمای نەتەوەو ئیتنیك و رەگەزی جیاواز، بەجۆرێ نەتەوەی تورك سەردەست و پلە یەك بوو، باقی نەتەوەو ئیتنییەكانی تر پلە دوو پەراوێزخراو. ئەمجۆرە دابەشبوونە كۆمەڵایەتییانەی كۆمەڵگەی توركیش رۆڵی لەبەرهەمهێنانی توندوتیژییدا هەبوو. ئەمە پاڵنەربوو بۆئەوەی كارایی لەسەر ئەم پارتە دابنێت رووەو پەنابردن بۆ توندوتیژیی چەكداریی، چونكە زیاتر چینە سەردەستەكانی وەك شێخو دەرەبەگو ئاغاو زۆرێك لەپیاوانی ئایینی لەگەڵ دەوڵەتدا بوون لەولاشەوە چینە زەحمەتكێشەكانی وەك كرێكارو رەنجبەرو پاڵەو خاوەن پیشە بچووكەكان لەگەڵ رەوتو رێكخراوە چەپەكاندا بوون.[19]

5. توركیا لەڕووی كۆمەڵایەتیو دیموگرافییەوە لەسەر چەند ئاستێك هەنگاوی نا. جارێك بەگشتی هەوڵیدا دووبارە بونیادی كۆمەڵایەتیو ئیتنی لەچوارچێوەی سیاسەتی ئاوێتەكردنی گشتیدا دابڕێژێتەوە، بەئامانجی تواندنەوەی سەرجەم پێكهاتەو ناسنامەو زمانەكانو جگە لەوانیش لەچوارچێوەی یەك ناسنامەو یەك زمانی توركییدا، ئەویش بەدوو ئاست: یەكەمیان: ئاستێكی بنەڕەتی بوو، كە كورد بەشێك بوو لە ئامانجەكان، لەمیانەی پشتبەستن بەسیاسەتی هاوشێوەو ئاوێتەكردن لە ناسنامەی رووناكبیرییو ئیتنی توركیدا، لەگەڵ سیاسەتەكانی كۆچ پێكردنو راگواستنی نێوخۆیی بۆ نێو توركیاو دەرەوە. دووەمیان: لەڕێگەی كاری ئاسایشییو تەوقدانەوە، مەبەستیشی كۆنترۆڵكردنی ژینگەی جوڵانەوەی كورد بوو، بەچەند شێوەیەك، لەوانە راگواستنی زۆرەملێ یان دروستكردنی كۆمەڵگەی زۆرەملێو دووبارە نیشتەجێكردنەوە لەنێوچەگەلێكی دیاریكراوی نێوخۆی ناوچە كوردییەكاندا.[20]

6. توركیا پێكهاتەیەكی ئیتنیو ئایینی فرەی هەیەو ئاراستەی چالاكی رووەو پێكهاتنی ئیتنی(تورك، كورد)و ئایینیو مەزهەبی(سوننە، عەلەویی) بەخۆوە دەبینێت. توركیا بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئەم پێكهاتانەدا دەكرد، كە لەبەرژەوەندیی خۆی بێت، بەتایبەت دژی جوڵانەوەی نەتەوایەتی كورد. بۆ نموونە كاری لەسەر زۆركردنی جەمسەرگیریی نەتەوەیی لەنێوان كوردانی سوننیو كوردانی عەلەوییدا دەكرد.[21] لەهەندێ قۆناغدا توركیا كاری لەسەر ئەمە كردووە بەتایبەت دوای

14 عقیل سعید محفوض: تركيا والاكراد، كيف تتعامل تركيا مع القضية الكردية، المركز العربى للابحاث ودراسة السياسيات، الدوحة- قطر، 2012، ص6.
15 رعد عبدالجليل مصطفى خليل: العنف السياسى فى تركيا، دراسة فى الاسباب والمظاهر، معهد الدراسات الاسيوية الافريقية، سلسلة الدراسات التركية، رقم(3)، ص6.
16 عقیل سعید محفوض تركيا والاكراد، كيف تتعامل تركيا مع القضية الكردية، م.س، ص6.
17 گولستان گوربای: تطور الحركة القومية، م.س، ص(40،45).
18 رعد عبدالجليل مصطفى: العنف السياسى، م.س، ص13, ود.طلال يونس الجليلى: صعود التيار الاسلامى فى تركيا، رسالة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية، جامعه الموصل، 1999، ص131.
19 د.ابراهيم الداقوقى: اكراد تركيا، م.س، ص189.
20 د.عقيل سعيد محفوض: تركيا والاكراد، م.س، ص(30-31).
21 ن.م، ص42.

کودەتای(12ی ئەیلوولی 1980)، بەجۆرێ تورکیا لەبری گەڕانەوە بۆعەلمانییەتی توندی سەردەمی مستەفا کەمال، بەپێچەوانەوە کاری لەسەر پەرەپێدانی تێکەڵەیەك لە ئیسلامیی سوننی پارێزگارو دەمارگیریی نەتەوایەتیی تورکیو ڕێگەی بەدامەزراوە ئیسلامییەکان دا، بە مەرجێك لە چوارچێوەی فەرمیی دەوڵەتدا بمێننەوە ئەوەی دواتر پێی وترا سەنتێزی تورکی/ئیسلامیی.[22]

7. هاوکات داخستنی هەموو کەناڵە دیموکراسییەکان بەڕووی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە، لەدۆخێکی وادا چەکو توندوتیژیی دەبێتە تەنها شێوەیەکی خۆبەرجەستەکردن، چونکە چارەسەری سیاسیی نائامادەیە. ئەوەندەی تێبینشکراوە حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی تورکیا بڕوایان بەچارەسەری کیشەی کورد بەڕێگەی وتووێژی سیاسی و ڕێگەچارەی ئاشتیانە نەبووە.[23]

سەبارەت بەبەشداری ژن لەنێو خەباتی چەکداری باکووری کوردستاندا، تێبینی ئەوە دەکەین، کەهەر لەدامەزراندنی پارتە سیاسییەکەوە ژن بەشداری کارای تیدا هەبووە، بەجۆرێ لەدەستەی دامەزرێنەرانی پارتەکەو لەیەکەمین کۆنگرەدا ژمارەیەك کاراکتەری ژن بەدیدەکەین لەوانە (کەسیرە یەڵدرم و ساکینە چانسز)،[24] ئەگەرچی دواتر کەسیرە لەپارتەکە چووە دەرەوە، بەڵام ساکینە تاکوشتنیشی لەپاریسی پایەتختی فەرەنسا ڕۆڵێکی گەورەی سیاسی و چەکداری لەنیو ئەو پارتەدا بینیوەو چەندین بەرپرسیارێتی سەربازی و سیاسی پێسپێردراوە. ئەمە نیشانەی بایەخپیدانی ژنە لەنێو ریزەکانی ئەم پارتەو خەباتی چەکداری باکووری کوردستاندا، سەرباری ژمارەیەکی زۆری دیکەی ژنان، کەهەم وەك کادری سیاسی و هەم وەك کادری چەکداری بوون و ڕۆڵ و کاریگەریان هەبووە.

لەدوای کودەتای (12ی ئەیلوولی 1980) لەتورکیا، کەیەکێك لەهۆکارەکانی بەرپابوونی کودەتاکە لەتەنیشت گەشەکردنی تەوژمی ئیسلامی و چەپڕەوی تورکیی هاوکات گەشەکردنی جوڵانەوەی سیاسیی کورد بوو، کەپارتی کرێکارانی کوردستان لەو قۆناغە رابەرایەتی دەکردو مەترسی لەسەر سیستەمی سیاسی لەو وڵاتە دروستکردبوو. بۆیە سەرانی کودەتا کەوتنە قۆڵبەستکردن و زیندانیکردنی ژمارەیەکی زۆر لەئەندام و کادیرو سەرکردایەتی ئەو پارتە سیاسییە. بەمەش ژنانی کورد ناچار بوون لەبری پیاویش ئیشی ماڵ و ئەرکی بەڕێوەبردنی خێزان بکەوێتە سەرشانیان. ئەوان تەنها لەدڕدۆنگی دابینکردنی بژێوی خێزانەکانیاندا نەبوون، بەڵکو بەدەست پۆلیس و دادگاکانی تورکیاوە گیرۆدە بوون و ژمارەیەکیشیان دەستگیرکران و خرانە زیندانەکانەوە. هەروەك لەساڵی (1982)ەوە کار کرابوو بۆ ئامادەکردنی کۆمەڵێك لەژنان، کەبچنە ریزەکانی خەباتی چەکداری باکووری کوردستانەوە،[25] بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لەبەر ئەو بارودۆخەی لەو قۆناغەدا ژنانی تێکەوتبوو، دواتر بەردەوامبوون تا لەساڵی (1987) توانرا یەکەم شانەی ڕێکخراوەیی سەربەخۆو تایبەت بەژنان بۆناو شۆڕش و خەباتی چەکداری بنێرن.[26]

لەرووی کارکردن بۆ بەشداری فراوانی ژن لەریزی ڕێکخستن و کاری سیاسیدا لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە بەهۆی کودەتاو ئەو رێ و شوێنە توندانەی لەتورکیا گیرابوونەبەر بارودۆخەکە ئاڵۆزبوو، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر لەدوای ساڵی 1989 گۆڕانکاری بەسەرداهات و ڕێکخستنی سیاسی خۆی خزاندە نێو شارە گەورەکانەوەو دەستی بەزانکۆو ناوەندە زانستییەکان گەیشت. ئەمە یارمەتیدا، کەبتوانێ لەنێو ژنانیشدا کار بکات و بەشێوەیەکی فراوانترو زیاتر ژن بەشدار بێت لەخەباتی سیاسی و دواتریش چەکدارییدا. ئەمەش سەبارەت بەکورد سەرەتا بوو بۆئەوەی ژن هەم بەشدار بیت لەنێو ڕێکخستن و جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان و هەم بەشدار بێت لەبەرگریکردن لەمافەکانی خۆی و بیانپەرژێتە سەر خولیاو ئامانج و هیواکانیان.[27] لەلایەکیترەوە بایەخی زیاتر بەژن درا لەنێو خەباتی چەکداری باکووری کوردستاندا لەو روانگەوە، کە زەمینەی شۆڕشگێڕی بێ ئامادەبوونی ژن ئەستەمەو پێویستە ژنان لەژێر کاریگەرییەکانی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بچنە دەرەوەو لەجوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکاندا بەشداربن.[28] هاوکات بنەمای بایەخدان بەژن پەیوەندی بەوەشەوە هەبووە، کەئازادی ژن بەیەکێك لەئەرکە سەرەکییەکانی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕیی لەقەڵەمدراوە، بەوپێیەی ئازادی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن لەئازادی و بەشداری ژنەوە دەستپێدەکات.[29]

---

22 د.سیار الجمیل: العرب والاتراك، الانبعاث والتحدیث من العثمنة الى العلمنة، ط1، مركز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، 1997، ص332.
23 د.جبار قادر: قضایا كردیة معاصرة، كركوك- الانفال- الكرد وتركیا، دار اراس للطباعه والنشر، اربیل، 2006، ص179، وكرستینا كۆیڤۆنەن: جەنگی شاراوە لە باکوری کوردستان، و.(د.یاسین سەردەشتی)، چ1، چا(روون)، سلێمانی، سلێمانی، 2011، ل207.
24 ماجید خلیل فتاح: ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان، چ1، هەولێر، 2012، ل92.
25 عبدالله اوجلان: تحریر المراءة الكوردستانیة تحرر لكوردستان، ر(وڵات)، ژ(56)، (13ی ئاداری 1995).
26 شیلان: شۆڕش بێ بەشداری ئافرەت سەرکەوتنی مەحاڵە، ر(ژیانی ئازاد)، ژ(سفر)و دووشەممە(7ی تەمووزی 1997).
27 حەسەن جودی: مێژوویەك لەئاگر، س.پ، ل282 و بڕوانە فاشیزم و ژن، ڕۆژنامەی(ژیانی ئازاد)، ژ(46)، پێنجشەممە (1998/9/17).
28 ه.س، ل(284-286).
29 سەروتار: لەناو تەڤگەری ئازادیدا ژنان خۆیان خاوەن بڕیاری خۆیانن، گ(تروسکە)، ژ(157)، چوارشەممە (2017/3/1)، سلێمانی، ل1.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**گرنگی فەلسەفەی خەباتی چەکداری باکووری کوردستان لەوەدا بوو پێگەو رۆڵی ژنی لەروانگە ناتەندورستەکانەوە لەقۆناغێکی سەختی مێژووییدا گۆڕی بۆ پێگەو رۆڵێکی کاریگەر، بەجۆرێ ئەو ژنەی وەك کاڵایەك لەسیستەمی سەرمایەداریدا تەماشای دەکراو ئەو ژنەش، کەلەسیستەمی خێڵەکی و هۆزایەتی بەچاوی نزم و ناموس و عەیبەوە وێنای دەکرا گۆڕی بۆ پێگەو رۆڵێکی کاریگەرو بردیە بەرزترین لوتکەی چیاکان و بەرامبەر دوژمنی نیشتیمان و نەتەوە بوێری پێبەخشی تاگەورەترین قارەمانێتی بنوێنێت، سەلماندی ژن نەکاڵای بازرگانییەو نەکاڵای تێرکردنی حەزەکانی پیاوەو نەمایەی شەرم و شورەییشە نەتوانێت لەناو کۆمەڵگەو لەخەباتی سیاسی و چەکدارییدا بەشداری نەبێت، هەروەك پاڵی بەژنەوە نا، کەخۆی خاوەنی بڕیاری خۆی بێت لەمەڕ ماف و ئازادییەکانی.[30]**

**باسی دووەم/ ئازادی ژن و ژنی ئازاد لەتێڕوانینی خەباتی چەکداری باکووری کوردستاندا**

ژن وەك بونەوەرێك بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی رۆڵ و بەشداری کارای لەپێکهینانی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا گێڕاوە.[31] لەمڕووەوە خەباتی چەکداری باکووری کوردستان تێڕوانینێکی روون و ئاشکرای بۆ خودی ژن و رۆڵ و پێگەی ژن هەبووە، بەجۆرێ بۆچوونی وایە سەرخستنی ژن سەرخستنی ژیانە، بەڵام ئەوان نایشارنەوە کاتێك ژیان مانای خۆی وەردەگرێت، کەبەشداری ژن وەك ژنێکی شۆڕشگێڕ بێت تابتوانن ئازادی خۆیان بەمانا راستەقینەکەی بەدەستبهێنن، وەکچۆن لەسەر پیاوانیشە رێز لەئازادی ژنان بگرن.[32] هاوکات کاتێك ئاماژە بەژنی شۆڕشگێڕ دەکەین بەو مانایەی ژنێك تایبەتمەندییە جەستەیی و سیاسیی و رۆحی و هزری و کولتوری و ستاتیکی و شۆڕشگێرییەکانی تێدابێت و بایەخیان پێبدات و پێشیان بخات، ئەمەش گەنجینەیەکی گەورەیە، چونکە ئەمجۆرە ژنانە بزوێنەری ژیانن.[33] چونکە وابیردەکەنەوە شۆڕشی ئازادیان لەچوارچێوەیەکی فراوانی ئازادی ژندا بەرپاکردووە نەك تەنها لەو روانگەیەوە، کەدەوترا:"ژن نیوەی کۆمەڵە"، بەڵکو لەبەرئەوەی شۆڕش بێ ژن نابێت، ئەوەش لەپێناوی رزگارکردنی قۆناغی ئێستاو نزیکبوونەوەی قوڵتر بەشێوەیەك وەك چالاکی فەلسەفی و پایەیەکی گرنگ بێت.[34] لەلایەکیترەوە بیروڕایان وایە ئەگەر شۆڕش بەبێ بوونی ژن بێتەدی، ئەوە شتێکی گەلێك جیاوازە ئەوکاتە شۆڕشێکی وادێتەکایەوە کەچین تێیدا باڵادەست دەبێت. بۆیە بەرزو بڵندی شۆڕش بەندە بەبەشداری ژنەوە تیایدا.[35]

ئەوەی بەلای خۆیانەوە لەتێڕوانینی خەباتی باکووری کوردستاندا بۆ ژن گرنگە بریتییە لەداماڵینی ژن لەبەرگی کۆیلەبوونەوە بەرەو بەخشینی ئیرادە، بەومانایەی ئەگەر ژن خاوەنی ئیرادە نەبێت ناتوانێت ئازادو سەرکەوتوو بێت، واتە ژنی لاوازو بێئیرادە مانای وەستانی جوڵەی ژیانە. بۆیە کاتێك ژن لاواز دەبێت ژیان دەوەستێت.[36] هەروەها رێبەرانی خەباتی چەکداری باکووری کوردستان جەخت لەسەر متمانە بەخۆبوونی ژنان دەکەنەوە وەك پاڵنەرێکی گەورە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، بەجۆرێ ژنان دەتوانن لەماناو رەهەندەکانی ئازادی ورد ببنەوەو تێڕابمێنن و تێیدا سەرکەوتووبن. ئەمەش کاتێك بەدیدێت، کەپەرە بەوشیاری خۆیان بدەن لەرێگەی پەروەردەی دیموکراسییەوەو لەچوارچێوەی دامەزراوەو دەزگادا خۆیان رێکبخەن و لەو رێگەیەوە پەرە بەوشیارکردنەوەی ژنانی تریش بدەن. لەمەشدا پێویستە رێکخستن و کارو خەباتی تایبەت بەخۆیانیان هەبێت.[37]

بەو پێیەی بناغەی هزری خەباتی چەکداری باکووری کوردستان بریتییە لەبیری سۆسیالیستی و بەدیاریکراویش هزری مارکس- لینینیزم، ئەوا کۆی تێڕوانینەکانیشیان بۆ پرسی ژن و ئازادی و ئازادی ژن و ژنی ئازاد لەروانگەی ململانیی چینایەتی و بیری چەپ و سۆسیالیستییەوەیە. لەمەشدا دەزانین، کەژن لەهزری سۆسیالیستیدا پێگەیەکی بەدیمەنی پێدراوەو لەگەڵ پیاودا هاوشانکراوەتەوە لەسەر بنەمای براوبوون بەبنەمای یەکسانیی ژن و پیاو. ئەوان بۆچوونیان وایە سیستەمی چینایەتی کاریگەری لەسەر قۆرغکردنی ماف و ئازادییەکانی ژن هەبووەو زیاتر لەکۆمەڵگەی چینایەتیدا دەسەڵاتی پیاوسالاری یاخود نێرسالاری بوونی هەیە، کەرێگرە لەماف و ئازادی ژن.[38] لەبەرئەوەی وابیردەکەنەوە، کەئازادی ژن لەئازادکردنی رەگەزییەوە دەستپێدەکات

---

30 ژیان: ئازادی ئافرەت لەروانگەی شۆڕشەوە، گ(رۆژ)، ژ(16)، ئایاری 1999، یەکێتی خوێندەڤان و لاوانی وڵاتپارێزی کوردستان، ل41.
31 مهاباد قەرەداغی: شەرەفنامە، چ2، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2004، ل119. هەروەها بڕوانە نوخشە عەبدوڵا: رۆڵی ژن لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی باشووری کوردستاندا، چ1، چاپخانەی(روون)، سلێمانی، 2007، ل9.
32 عەبدوڵا ئۆجەلان: شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ژیانی نوێ، و.(ئەستێرە عەبدولجەبار)، چ1، چاپخانەی(رەنج)، سلێمانی، 2012، ل65.
33 عەبدوڵا ئۆجەلان: عەشقی کورد، و.(ئەستێرە عەبدولجەبار)، چ2، بێ بوونی شوێن، 2018، ل73.
34 عبدالله اوجلان: مانیفیستو حریة المرأة فی القرن الحادی والعشرین، منسورات اکادیمیة المرأة الحرة، مطبعة(روناهی)، نیسان 2003، ص155.
35 عەبدوڵا ئۆجەلان: بروسکەیەك بۆ هەموو هەڤاڵانی تێکۆشەر ناوچەی سۆران، ر(ژیانی ئازاد)، ژ(19)، پێنجشەممە (12ی شوباتی 1998).
36 عەبدوڵا ئۆجەلان: رێبەرایەتی پەکەکە رێبەرایەتی ژنی ئازادە، و.(ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی عەبدوڵا ئۆجەلان)، چ1، بێ چاپخانەو شوێنی چاپ، 2015، ل(87-88).
37 ه.س.
38 عبدالله اوجلان: مانیفیستو حریة المرأة، م.س، ص6.

لەنێوان ژن و پیاودا بەو مانایەی وایدەبینن، كەدەبێ پەیوەندی نێوان ژن و پیاو رێكبخرێتەوەو یەكسان بن.[39] لەمبارەوە (كارل ماركس) دەڵێت:"ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ژن و پیاودا هەیە پەیوەندییەكی سروشتییەو لەبنەڕەتدا پەیوەندی نیوان دوو بوونەوەری سروشتییە".[40] مەبەستی ماركس لیرەدا ئەوەیە، كەهیچ جیاوازییەك لەنێوان ژن و پیاودا نییەو پیاو چۆن بوونەوەرێكی سروشتییە ئاواش ژن بونەوەرێكی سروشتییەو جیاوازی نییە لەگەڵ پیاودا. هاوكات (ڤلادیمیر لینین)ی دەبێژێت:"هیچ بزوتنەوەیەكی جەماوەری بەبێ بەشداری ژنان بوونی نییە، كۆمەڵگە بەبێ ئازادی ژنان كۆمەڵگەیەكی مرۆیی نییە، بەبێ بەختەوەری و ئازادی ژن ناتوانێت رەنگی مرۆیی وەربگرێت، ئەو ئازادی و بەختەوەرییەش گرێدراوی خەبات و تێكۆشانی ئێمەی شۆڕشگێڕە بەهەموو هێزی هزری و فیزیكیمانەوە بۆگۆڕینی دۆخی ژن و هزرییەتی ئەم دۆخە روانگەیەكی مرۆیی و پێشكەوتنخواز". ئەوەش دەخاتەڕوو چینی كرێكار ناتوانن ئازادی تەواو بەدەستبهێنن ئەگەر ئازادی تەواو بۆ ژنان بەدەستنەهێنن. بۆئازادكردنی ژن و لەپێناوی یەكسانیدا لەگەڵ پیاو پێویستە ئابووری گشتی دەستبەر بكرێ و ژن لەكاری بەرهەمهێنانی گشتیدا بەشدار بێت...[41] ئەوان وادادەنێن خەباتی چەكداری باكووری كوردستان لەتەنیشت شۆڕشی بەلاوەنانی یادەوەری كۆیلایەتی لەئاستی هزرو كرداردا، لەهەمانكاتدا شۆڕشی سەرلەنوێ ئافراندنەوەی یادەوەری ئازادیشە، یادەوەرییەك، كەتیایدا بەهاكان بگەڕێنەوە خولگەی رەسەنی خۆیان. لەیادەوەری ئازادیدا بەپێچەوانەی یادەوەری كۆیلایەتی هاوكات لەگەڵ یادەوەری گشتی هاوبەشدا هەر تاكێكیش بۆخۆی یادەوەرییەكی ئازادانەی خۆی هەیە.[42]

جەختكردنەوەی خەباتی چەكداری باكووری كوردستان لەمەسەلەی یەكسانی نێوان ژن و پیاو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، كە ئەوان جوڵانەوەو خەباتەكەی خۆیان بەخەبات لەپێناوی مرۆڤایەتیدا لەقەڵەم دەدەن، بەو پێیەی بناغەی بیری سۆسیالیستی بریتییە لەمرۆڤگەرایی و هیومانیزم. بۆیە بروایان وایە پێویستە كار لەسەر چەمكی مرۆڤگەرایی بكرێت وەك تێگەیشتنێكی هیومانی بۆ ژن و پیاویش ئەوەش لەژێر كاریگەری ئەو دروشمەی جەختی لێدەكەنەوە كەدەبێژێت:"یان ژیان وەك مرۆڤێكی ئازادو سەربەست یاخود مردن". هەروەها هەوڵدانی بێوچان بۆ خولقاندنی چۆنێتی زیندووكردنەوەی واقیعی كۆمەڵی كوردەواری لەسەر بنەمای مرۆڤی ئازاد وەك پێویستییەكی رەها. سەرباری ئەوەی بیروڕایان وایە لەناوبردنی بێبەشكردنی رەگەزی ژن لەهێزو هەوڵدان بۆگێڕانەوەی هێز لەسیستەمی نێرسالارییەوە بۆ ژن جارێكیتر یەكێك لەپێویستییەكانی سۆسیالیزم و گۆڕانكاری سۆسیالیستییە.[43] لەبەرئەوەی بەشێك لەبەرجەستەبوونی ئازادی ژن لەبەرجەستەبوونی یەكسانی نێوان ژن و پیاودا دەبیننەوە، ئەوەش دیدێكی سۆسیالیستیانەیە، واتە ئەوان بەحوكمی ئەوەی خاوەنی ئایدۆلۆجیای سۆسیالیستین یەكسانی ژن لەگەڵ پیاو بەبنەما دەزانن بۆبەرجەستەبوونی ئازادی ژن.[44]

بەو پێیەی ئەوان لەروانگەی چینایەتی و بیری سۆسیالیستییەوە دەڕواننە مەلەسەی ئازادی ژن بۆیە زۆر بەربەست و قۆرت لەبەردەم ئازادی ژندا دەبیننەوە هەر لەسیستەمە كۆمەڵایەتییەكەوە تادەكاتە سیستەمی ئایینی و داب و نەریت. ئەوان بۆچوونیان وایە خێزان بەوجۆرەی هەیە لەكۆمەڵگەی كوردیداو بەو یاساو رێسایانەی، كەهەیەتی بەربەستێكی گەورەیە لەبەردەم ماف و ئازادی و تواناكانی ژندا، چونكە لەوجۆرە خێزانانەدا ژن وەك كاڵاو شوێنكەوتەی پیاوو پلە دوو مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت و خاوەنی ئیرادەی ئازادانەی خۆی نییە. بۆیە لەدۆخێكی وادا رایان وایە ژن ناتوانێت ماف و ئازادییەكانی بەدەستبهێنێت، چونكە خێزان یەكەیەكی تەنگە، ژیانێكی رۆتینە لەسنوورێكی دیاریكراودا، خاوەنی یاساو بناغەی داب و نەریتی تایبەت بەخۆیەتی، كەپارێزەری بەرژەوەندییەكانیەتی، توانای گەشەسەندن و فراوانبوونی نییە.[45] هاوكات بۆچوونیان وایە پرسی ژن لەبنەڕەتدا بۆخۆی پرسێكی قوڵ و فراوانە لەوەش بەدواوە پرسێكی مرۆڤایەتییە.[46]

سەبارەت بەپەیوەندی نێوان ژن و ئازادی، ئەوان كار لەسەر ئەوە دەكەن، كەئازادی ژن لەرزگاركردنی خاوەندارێتی ژندا دەبیننەوە، واتە پیاو خاوەنی ژن نەبێت. پێویستە ئیرادەی ئازادی بۆ ژن بەرجەستە بكرێت بۆئەوەی گوزارشت لەئازادی و كەسایەتی خۆی بكات و پەیوەست بكرێت بەچەكەوە. لەمەشەوە پەیوەندی نێوان ئازادی ژن و ئازادی نەتەوە دێتە ئاراوە. هەروەك ئازادی ژن بەپێویست دەزانن لەپێناوی پیاودا چونكە بەهێزبوونی پیاو یاخود بوونی هێز لەدەستی پیاودا بەمایەی

---

39 ن.م، ص(153-154).
40 مخطوطات كارل ماركس لعام 1844، ترجمة(محمد مستجير مصطفى)، دار الثقافة الجديدة، دار الطباعة الحديثة، القاهرة، 1974، ص95.
41عادل عبد الزهره شبيب: الماركسية والمرأة انظر https://tareeqashaab.com/index.php/sections/people-s-lives/711-2021-03-09-19-02-54.
42 گەریلا موراد تورك: بیروەری گەریلایەك، و.(رێبوار هەمەوەندی)، چ1، چاپخانەی(ئازادی)، سلێمانی، ل7.
43 عبدالله اوجلان: مانيفيستو حرية المرأة م.س، ص(161،152).
44 ن.م، س171.
45 رێژین: خێزان و شۆڕش و دژە شۆڕش، ر(ژیانی ئازاد)، ژ(3)، (25ی ئابی 1997).
46 عەبدوڵا ئۆجەلان: روونكردنەوەیەك سەبارەت بەپرسی ئافرەت، ر(ژیانی ئازاد)، ژ(15)، (15ی كانوونی دووەمی 1998).

مەترسی لەسەر بوونی ژن دەكەوێتەوە ئەو بەهێزبوونەی پیاویش بۆ بوونی سیستەمی چینایەتی دەگێڕنەوە. لەلایەكی دیكەوە پیاوی زاڵ بەسەر ژندا بەمرۆڤی سۆسیالیست و دیموكراسیخواز نازانن.[47] هەروەك كۆیلەبوونی گەلان یەكەمجار لەژندا بەرجەستە دەبێت، بەجۆرێ واقیع و ژیانی ژن، واقیع و ژیانی كۆمەڵایەتی بەرێژەیەكی زۆر دیاریدەكات.[48] ئەوان ئەوە ڕووندەكەنەوە، كەژن مەودایەكی فراوانی لەبەردەمدایە بۆئەوەی بتوانێت بەئازادی بەرگری لەخۆی بكات بەوپێیەی بریتییە لەجەستەو ڕۆحیش. هەروەك لەلایەن نەسیجی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە هێزو توانای فەرامۆشكراوەو دەستی بەسەرداگیراوە، بەجۆرێ بەدوای پیاوێكدا دەگەڕێت شوێنی بكەوێت بەكۆیلایەتییەكی كوێرانە ئەوەی لەتوانایدایە.[49] بۆیە خەباتی چەكداری باكووری كوردستان چەمكی ئازادی دەبەستێتەوە بەو پرسیارەوە (چۆن بژین؟ ئایا ئەم ژیانە شایانی ئەوەیە بۆی بژین؟) ئەمەش دەبەستێتەوە بەچەمكی ئازادییەوە، لەبەرئەوەی خەباتەكە لەدایكبووی دۆخی ژێردەستەیی و چەوساندنەوەیە و هەوڵ بۆ ئازادی دەدات بەگشتی و سەرەتاش ئازادی مرۆڤ وەك دەسپێكی خەبات دواتر ئازادی ژن و هاوشانكردنەوەی لەگەڵ ئازادی پیاوداو كاركردن بۆنەهێشتی جیاكاری ڕەگەزیی.[50] لەلایەكیتریشەوە ڕەخنە لەپیاو دەگرن و ڕایدەگەیەنن پیاو ناتوانێت شانازی بەبەهای دروستی ئازادییەوە بكات مادەم پیاوەتی هەژمونكراوی خۆی لەژندا زیندوو بكاتەوە.[51]

دەربارەی پەیوەندی ئازادی ژن بەژیانی ئازادەوە، ئەوەیە كە لەبنەڕەتدا پەیوەندییەكە لەنێوان ژن و ژیاندایەو بیركردنەوەی مەعریفی خەباتی چەكداری باكووری كوردستان چەمكی ژن دەبەستێتەوە بەژیانەوە، واتە ژن یەكسانە بەژیان و لێكدانەبڕاون، ئەوەش بەدینایەت تاوەكو جۆری پیاوی زاڵ و ژنی كۆیلەكراو تێنەپەڕێنرێت. لەبەرئەوە ئەو خەباتە باس لەوە دەكات، كەپشتیان بەپەیوەندییەك لەنێوان ژن و پیاودا بەستووە، كەخاڵییە لەهەر داگیركاریی یا ئیستغلالكردن یاگوشاركردنێك لەژن و بەپێچەوانەوە پڕ بێت لەخۆشەویستی و دۆستایەتی و لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی بێت. ئەوەش لەسەر ئەو وتەیەی كەدەڵێت:"هەركاتێك ژن ئازاد بوو، ئەوا ماناكانی ژیان دەردەكەوێت".[52]

چونكە ئۆجەلان وەك ڕێبەرو تیۆرسازی بیركردنەوەی ئەو خەباتە چەكدارییە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كەژن بەشێكی دانەبڕاوە لەژیان و جیانەبۆتەوە لێی. كاتێكیش دەڵێت ژن ژیانە تەنها شتێكی كەم و بێبەها نییەو ژن وەك كەرەستەو مادەیەك دابنرێت، بەڵكو پێویستە وەك ئامرازێكی كاریگەرو بەهرەمەند لێی بڕوانرێت. ئەوەش واتە لەرێگەی پەرەپێدانی كەسایەتی ژنەوە كەسایەتی هەموو كۆمەڵگە پەرە پێبدرێت.[53] لەبەرئەوەی خەباتی چەكداری باكووری كوردستان پەیوەندی نێوان ژن و ژیان لەو وتەیەدا دەبینێتەوە، كەدەڵێت:"هەركاتێك ژن ئازادكرا، ئەوكاتە ژیان مانای دەبێت. ژیانی دامەزراو لەسەر ژنی كۆیلە هیچ بەهایەكی نییە. ئەگەر دەتەوێ ژیان باش بكەیت و هەموو مانایەكی جوان و شایستەی پێببەخشیت، لەسەرتە ژنی كۆیلە تێكبشكێنیت و لەناوی ببەیت".[54] بەم تێگەیشتنە ئازادی ژن بنەماو پێوەری سەرەكی دروستبوونی ژنی ئازادە، لەبەرئەوەی بێبوونی ئازادی بۆ ژن ناتوانرێت ژنی ئازاد بەرهەم بهێنرێت. سەرباری ئەوەی لێرەدا پێكەوەگرێدراوییەك لەنێوان ژن و ژیاندا دێتەئاراوە بەومانایەی تا ژن ئازاد نەبێت ژیان مانای نییە. هەروەك دەتوانین ئەوەش بڵێین لەنەبوونی ئازادی ژندا ژیان ماناكانی خۆی لەدەستدەدات. ئەوان ئازادی ژن لەئازادی جەستەیی و ئازادی خۆشەویستی و عەشق و ئازادی سێكسیدا نابیینەوە بەوجۆرە باوو داكەوتووەی، كەهەیە، بەپێچەوانەوە ئەوان ڕووتبوونەوەی ژن بەیەكێك لەپلانە مەترسیدارەكانی سیستەمی سەرمایەداری دەبینن بۆ بەكاڵاكردنی ژن لەرێگەی برەودان بەچەمكی ئازادییەوە، ئەوان ئەوجۆرە ئازادییە بەئازادی ساختە لەمەڕ ژن لەقەڵەم دەدەن، چونكە بۆچوونیان وایە پاراستن و بەكارنەهێنانی مێیەتی خۆی و لایەنی سێكسی وەك كاڵایەكی هەرزان لەلایەن ژنەوە بەشێكە لەئاكاری ئازادی. واتە ئازادی ژن بریتییە لەپارێزگاریكردن لەمێیەتی و جەستەی و بەكارنەهێنانی وەك كاڵا. هەروەك ڕایان وایە پێویستە كار بكرێت لەسەر گۆڕینی ناسنامەی ژن بەدرێژایی مێژوو لەبونەوەرێكی ژێر خواست و ویست و بەردەستی پیاوەوە بۆ ناسنامەی ژنی ئازاد ئەوەش لەڕێگەی ئافراندنی چەمكی ژنی ئازادەوە. ئەم هەوڵەش وەك پرەنسیپی یەكەمی شۆڕشی ژن هەژمار دەكرێت.[55] ئەوان بوونی پەیوەندی ئەویندارى و عەشقی نێوان ژن و پیاو نێوان دوو ڕەگەزەكە

47 عبدالله اوجلان: مانيفيستو حرية المرأة، م.س، ص(164،162).
48 عبدالله اوجلان: مختارات، من مرافعات القائد عبدالله أوج الان، منشورات قسم الترجمة العربية فى لجنة الإعلام والتنوير، ص176.
49 ن.م، س175.
50 عبدالله اوجلان: مانيفيستو حرية المرأة، م.س، ص156.
51 عبدالله اوجلان: مختارات، من مرافعات القائد عبدالله أوج الان، م.س، ص177.
52 عبدالله اوجلان: مانيفيستو حرية المرأة، م.س، ص168.
53https://anfarabic.com/%D9%83%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86/mbtkr-flsft-almrat-alhyat-alhryt-hw-alqayd-awjlan-1-84185.

54 عبدالله اوجلان: مانيفيستو حرية المرأة، م.س، ص168.
55 ن.م، ص169.

بەگرنگ و پێویست دەزانن و بەئازادی تاکەکەسی هەژمار دەکەن، بەڵام بەمەرجێ ئەو ئەوین و عەشقە کەسەکان نەکاتە کۆیلەو مرۆڤێکی بێئیرادە بەتایبەتیش ژن، جیا لەوەی ئەوان کۆی ئەوین و عەشقی نیوان کەسەکان پەیوەست دەکەن بەمەسەلەی خۆشەویستی خاك و خەباتی چینایەتییەوە. لەمبارەوە (عەبدوڵا ئۆجەلان) دەبێژێت:"هەموو کەسێك مافی عاشقبوون و هاوسەرگیری هەیە. من تەواو بڕوام بەوەیە، بەڵام چۆن ئەوە بەدی دێت لەکاتیکدا تائێستا نیشتیمانەکەمان لەژێر نێزەی داگیرکەردایە".[56] لەبەرئەوەی سیستەمی داگیرکاریی بەبەرپرسیار دەزانن لەکوشتنی مانا جوانەکانی ئازادی ژن و هەوڵدان بۆ داڕشتنی یاساگەلێك خۆشەویستی راستەقینە لەسەر بنەمای ژنی ئازاد پێویستییەکی گرنگە.[57]

خەباتی چەکداری باکووری کوردستان لەو لایەنەی تریشەوە دەڕوانێت دەستەبەرکردنی ئازادی ژن، کە پەیوەستە بەدووانەی(سەرکەوتن و عەشق)ەوە، بەوپێیەی ئەگەر سەرکەوتن لەبەرجەستەکردنی ئازادی ژندا، ئەوا خۆشیان دەوێت، هاوکات عەشق لەفەلسەفەی سیاسی ئەو خەباتە چەکدارییەدا واتە ئازادی.[58] بەمانایەکی تر وادادەنێن هەر خۆشەویستییەك گرێدراوی نیشتیمان و چینەکان نەبێت خۆشەویستییەکی بێمانایە.[59] لەبەرئەوەی ئەوان نەهامەتی ژن گرێدەدەن بەنەهامەتی نەتەوەوەو بەپێچەوانەشەوە.[60] ئەمەش لەو روانگەوە ئەگەر تۆ خاوەنی عەشقێکی مەزن بیت، ئەم عەشقە پێویستی بەنیشتیمانێکە بۆئەوەی لەسایەیدا ئەم عەشقە بێتەدی.[61] لەلایەکیترەوە ئەوان ژن وەك فاکتەرێکی بنچینەیی بۆ گەیاندنی قۆناغی رزگاریخوازیی نەتەوەیی بەسەرکەوتن، بەجۆرێ ژن رۆڵی سەرەکی لەبەدیهێنانی رزگاری کۆمەڵایەتیدا دەبینێت و لەگەوهەردا رزگاربوونی ژن بەرجەستە دەبێت.[62] هەروەك ئەوان پەیوەندییەکی گەوهەری لەنێوان جوانی و هۆشیاری و ئازادییدا لەمەڕ ژن دەبینن، ئەوان وادەبینن جوانی پەیوەندییەکی تایبەتی بەئاستی هزرو هۆشیارییەوە هەیە، بەجۆرێ هەرکاتێك ژن لەرووی هزرییەوە پێشبکەوێت ئەوا جوانی زیاتر چنگدەخات. هۆشیاریش واتە شکاندنی کۆت و پێوەندەکانی کۆن و بونیاتنانی پرنسیپی نوی و ژیانی نوێ لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی دەڕوات. بۆیە ئازادی واتە جوانی لای ژن. کاتێکیش دەتوانین باس لەئازادی بکەین، کەهۆشیاری نەتەوەیی و چینایەتی پێگەیشتبێت. بۆیە تانەگەینە ئەو ئاستە ناتوانین مافەکانی ژن بەدیبهێنین. خۆشەویستی و جوانیش تەنها لەنیشتیمانێکی ئازادو سەربەخۆدا دەتوانین گوێمان لێبێت.[63] ئەم خەباتە چەکدارییە بۆ گەڵاڵەکردنی ئازادی ژن و بەرهەمهێنانی ژنی ئازاد دیموکراسییەت و پەروەردە بەگرنگ و پێویست دەزانێت، لەسەر ئەو بنەمایەی ژن هێزێکی گەورەیەو پێویستی بەپەروەردەکردن و ئامادەکردن و رێکخستن هەیە. بەمانایەکیتر بونیاتنانی ژن واتە ململانێ بۆ بەمرۆڤکردنی مرۆڤ و بەمرۆڤکردنی پیاو، لەبەرئەوەی ئازادکردنی ژن گرنگە بۆئەوەی ببێتە کانگایەك بۆ بەهای بەرزی مەعنەوی و سۆز.[64] ئەوان بۆچوونیان وایە مەسەلەی ئازادی ژن و رزگارکردنی ژن پێویستی بەرووناکبیریی و مەعریفە هەیە، مەسەلەکە پەیوەندی بەرواڵەتەوە نییەو ئەوەش نەبۆتە رێگر ئاخۆ ژن داپۆشراو بێ یاخود رووت. سەبارەت بەپێویستی دیموکراسیش لەمەڕ ئازادی ژن، وادەڕوانن گۆڕانی دیموکراسی ژن رۆڵێکی بەرچاو لەداڕشتنی بەردەوامی دیموکراسییەت و سێکۆلاریزمیشدا دەبینێت.[65]

ئەوەی پەیوەستە بەچەمکی ژنی ئازادەوە لای خەباتی چەکداری باکووری کوردستان، ئەوەیە ژنی ئازاد بەستراوەتەوە بەپرۆسەی ئازادی ژنەوە، لەبەرئەوە ئەوان ژنیان هانداوە وردە وردە بەرەو رەوت و رێڕەوی ئازادی مەزن هەنگاو بنێت. هەروەك وادەڕواننە ژن، کە دەبێ ئازاد بکرێت بۆئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی رەسەنی بەها مەعنەوی و هەستە مەزنەکان. کاتێکیش دەتوانن ژن ئازاد بکەن و بۆئەوەی ژنێکی ئازاد بوونی هەبێت، کەژن لەموڵکیەتی پیاو دووربخەنەوەو ژن بۆ ئازادی نەتەوەکەی بژی، بەو پێیەی ژن شۆڕشێکی مەزنە لەپێناوی مرۆڤایەتیدا.[66] هەروەك پێیان وایە ژنی ئازاد واتە کۆمەڵگەی ئازاد.[67] پرۆسەی ئازادکردنی ژنیش بەدوو قۆناغ دەبێت، یەکەمیان: وا لەژن بکرێت هزو بۆچوون و ئایدۆلۆجیای ئازادی

---

56 عبداللە اوج الان: کیف یجب ان نعیش؟، ر(وڵات)، ژ(54)، دووشەممە(27ی شوباتی 1995).
57 عبداللە اوجلان: مانیفیستو حریة المرأة، م.س، ص169.
58 ن.م، ص161.
59 ژن و ژیان لەفەرهەنگی ئاپۆدا، ر(ژیانی ئازادی)، ژ(1)، (21ی تەمموزی 1997).
60 عەبدوڵا ئۆجەلان: روونکردنەوەیەك سەبارەت بەپرسی ئافرەت، ر(ژیانی ئازاد)، س.پ.
61 عەبدوڵا ئۆجەلان: چۆن بژین؟ بەشی پێنجەم، ر(ژیانی ئازاد)، ژ(18)، (5ی شوباتی 1998).
62 علی فرات: کێشەی ماف و سەربەستی ئافرەت، بەشی یەکەم، ر(وڵات)، ژ(سفر)، مایسی 1993.
63 عبداللە اوج الان: مفهوم الجمال لدینا هو مستوی الوعی، ر(وڵات)، ژ(86)، شەممە (1995/9/16).
64 عبداللە اوجلان: مانیفیستو حریة المرأة، م.س، ص170.
65 عبداللە اوجلان: تحریر االجنسویة الاجتماعیة، بدون طبع ومکان الطبع وسنة الطبع، ص46.
66 عبداللە اوجلان: مانیفیستو حریة المرأة، م.س، ص(172،170).
67 عبداللە اوجلان:مسایل خودسازی حزبی و وظایف ما، جلد اول، مرکز نشر اثار واندیشە های عبداللە اوجالان، چاثخانەی ازادی، 1387، ص30.

هەبێت، ئەو قۆناغەش هەنگاو بەهەنگاو پەرەی پێبدرێت. دووەمیان: ژن وا لێبکرێت دامەزراوەی سەربەخۆی هەبێت، ئەمەش کرۆکی فەلسەفەی (ژن، ژیان، ئازادی)یە، بەشێوەیەك جوڵانەوەی ئازادی ژن کرۆکی ئیرادەی هەموو کۆمەڵگەیە.[68]

بۆیە ئەوان هاتنەئارای ژنی ئازاد پەیوەست دەکەن بەماناو رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئازادی ژنەو پێشمەرجی ژنی ئازادە، چونکە تازەمینەسازی بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ ژن نەیەتە ئاراوە ناتوانرێت ژنێکی ئازاد دروستبکرێت، ئەوەی یارمەتیدەری بوونی ژنی ئازادە بریتییە لەئازادبوونی ژن لەهەموو کۆت و بەربەست و لەمپەرەکان و گەیشتن بەمافەکانی بەئازادی وەکچۆن پیاو ماف و ئازادی هەیە، لەبەرئەوەی بنەمای ژنی ئازاد پەیوەستە بەیەکسانی نێوان ژن و پیاوەوە ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کەلەسەر پیاو پێویستە هاوڕێی ژن بێت نەك گەورەو پەناگەو هاوسەری بەمانا کلاسیکی و نەگەتیڤەکەی، کەئازادی و بوونی مرۆیی ژن رەتبکاتەوە. لەلایەکیترەوە ئەوان وابیردەکەنەوە بێبوونی بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانە ناتوانرێت ژنی ئازاد بوونی هەبێت، چونکە چەمکی ژنی ئازاد لای خەباتی چەکداری باکووری کوردستان پەیوەستە بەهۆشیاری ژن و تێگەیشتنە چینایەتی و نەتەوەییەکەییەوە سەرەتا وەك ناسینی خودو دواتریش ناسینی ئەو قۆناغ و ژیان و کۆت و بەندانەی چواردەوری داوە، بۆئەمەش پێویستی بەئایدۆلۆجیایەکی شۆڕشگێڕی هەیە تابتوانێت ئازادی و رزگاری خۆی تێدا بەرجەستە بکات و لەوێشەوە وەك بونەوەرو ژنێکی ئازاد خۆی مانیفێست بکات.[69]

لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین، کە دیالەکتیکێکی قووڵ لەنێوان چەمکی ئازادی ژن و ژنی ئازاددا هەیە، بەجۆرێ بێبوونی ئازادی ژن، ناتوانرێت ژنی ئازاد بوونی هەبێت، ئەمەش لەناوەڕۆکدا ئەوە دەخاتەڕوو بۆتێگەیشتن لەهەر چەمکێکیان پێویستمان بەروونکردنەوەو شرۆڤەو لێکدانەوەی زیاتر لە مانایەك هەیە بۆئەوەی بگەینە تێگەیشتنی تەواو لەبابەتەکە. لێرەشدا کاتێك باس لەدیالەکتیکی نێوان ئازادی ژن و ژنی ئازاد دەکەین، دەبێت هەموو ئەو چەمك و رەخنەو تێگەیشتنانەی تریش روونبکەینەوەو راڤەیان بکەین، کەپەیوەستن بەهەردوو چەمکەکەوەو کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیەو دواجار تێگەیشتنێکی بابەتی و روونمان لەسەر پەیوەندی نێوان چەمکی ئازادی ژن و ژنی ئازاد دەداتێ. لەمەشدا پشت بەو مانایەی دیالەکتیك بەستراوە، کەمەبەست لێی ماناو تێگەیشتنێکی فراوانترو قووڵترە لەمەڕ چەمك یا بیرکردنەوەیەکی سیاسی یا هزری یا فەلسەفی، کە هەریەکە لەچەمکی ئازادی ژن و ژنی ئازاد زیاتر لەماناو تێگەیشتنێك لەخۆدەگرن.[70] هەروەك دیالەکتیك لەو تێگەیشتنەشەوە کەبریتییە لەلێکۆڵینەوەی چۆنێتی گۆڕانی شتەکان، واتە لێکۆڵینەوە لەپەیوەندی گۆڕانی چەمکی ئازادی ژن بەرەو بەرهەمهێنانی ژنی ئازاد دوای گەیشتنی ژن بەئازادی و بەمافەکانی و تێپەڕاندنی کۆت و بەربەستەکان و بەدەستهێنانی یەکسانیی.[71]

ئەوەی جێگەی رەخنەو تێبینییە لەسەر تێڕوانینی خەباتی چەکداری باکووری کوردستان بۆ ژن ئەوەیە، کە ئەم گوتارو تێڕوانینە تێڕوانینێکی شۆڕشگێڕانەو هی قۆناغی خەباتی چەکداری و شۆڕشی چەکدارییە لەپێناوی ئازادی نەك تێڕوانین بۆ مافی ژن لەدوای قۆناغی شۆڕشگیریی و رزگاریی نیشتیمانی و نەتەوەیی. واتە کۆی تێڕوانینەکە لەقۆناغی شۆڕشگێڕیی و خەباتی چەکداریدا قەتیس بووە لەکاتێکدا دەبوو بۆ دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی شۆڕشگێڕییش بووایە، بەجۆرێ ئازادی ژن و ژنی ئازاد دەکەوتە کوێی ئەم گوتارو تێڕوانینەی خەباتی چەکداری باکووری کوردستانەوە؟

لەلایەکیترەوە کۆی ئەو دیدو تێڕوانینەی خەباتی چەکداری باکووری کوردستان بۆ مافەکانی ژن و ئازادی ژن و ژنی ئازادو ئەو دیالەکتیکەی لەنێوان ئەو دوو چەمکەدایە پیاو بەرهەمی هێناوە نەك خودی ژن خۆی، واتە پیاو بەرهەمهێنەرو داکۆکیکاری ماف و ئازادی ژنە لەهەموو بوارە جۆراوجۆرەکانەوە تادەگاتە بەرجەستەبوونی ژنی ئازاد، لەکاتێکدا بەدەیان و سەدان ژن لەئاستی رێکخراوەیی و چەکداریی ئەو خەباتەدا لەداسەرهەڵدانی خەباتە چەکدارییەکەو دامەزراندنی رێکخراوو پارتە سیاسییەکەدا بوونیان هەبووەو توانای تیۆریزەکردنی ئازادی ژن و مافەکانیان هەبووە، بەڵام ئەوەی جێی تێبینی و سەرنجە ئەوەیە، کەهیچ کام لەژنانی سیاسیی و چەکداریی نێو خەباتی چەکداری باکووری کوردستان توخنی تیۆریزەکردنی چەمکی ئازادی ژن و ژنی ئازاد نەکەوتوونەتەوەو ئەوەشی لەئەدەبیاتی ئەو خەباتە چەکدارییەدا بەدیدەکرێت لەگوتاری ژن بریتییە لەدووبارەکردنەوەو جەختکردنەوەو پابەندبوون بەگوتاری سەرۆکی پارت و خەباتە چەکدارییەکەوە، کە عەبدوڵا ئۆجەلانە. سەرنج و تێبینییەکی تر لەسەر ئەم تێرونینەی خەباتی چەکداری باکووری کوردستان ئەوەیە، کەزیاتر لەروانگەی چەپ و دیدی مارکسیزم- لینینیزم و سۆسیالیستی زانستییەوە لەژن و ئازادی ژن و ژنی ئازادی روانیوەو کتومت لەزۆر شوێندا لەمەڕ ئازادی ژن و مەسەلەی یەکسانی لەگەڵ پیاودا دووبارەکردنەوەی هەمان روانین و دیدی بیری سۆسیالیستییە بێئەوەی رەچاوی

---

68https://anfarabic.com/%D9%83%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86/mbtkr-flsft-almrat-alhyat-alhryt-hw-alqayd-awjlan-1-84185

69 عبدالله اوجلان: مانيفيستو حرية المرأة، م.س، ص(177-178).

70 وائل سليمان: ماهو الديالكتيك؟ انظر https://www.arageek.com/l/%d9%85%d8%a7-%d9%87%d9%88-%d8%a7%d9%84%d8%af%d9%8a%d8%a7%d9%84%d9%83%d8%aa%d9%8a%d9%83

71 ايان بيرشال: ماهو الديالكتيك؟ انظر https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=787421 .



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و هۆزایەتی و ئایینییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەباکووری کوردستان لەپێشچاو بگرێت. بەمانایەکی تر ئەم تێڕوانینەی خەباتی چەکداری باکووری کوردستان بۆ ئازادی ژن و ژنی ئازاد لەهەندی شوێندا هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی خۆی و شرۆڤەیەکی خۆی زیاد نەکردووە جگە لەجەختکردنەوە لەڕوانینە سۆسیالیزمییەکە.

دوا سەرنج و تێبینی ئەوەیە، کەئەم تێڕوانینەی خەباتی چەکداری باکووری کوردستان بۆ ئازادی ژن و ژنی ئازاد زیاتر لەو چوارچێوەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کەژنی لەچوارچێوە شۆڕشگێڕییەکەدا بینیوە نەك زیاتر، واتە بەشی هەرە زۆری لێکدانەوەو پێناسەو هۆکاری بەرجەستەبوونی ئازادی ژنی بەستۆتەوە بەدۆخی شۆڕشگێڕی ژنەوەو لەو چوارچێوە بترازێت دەرفەتی تری بەژن نەبەخشیوە، ئەڵبەت ئەمەش رەنگدانەوەی دۆخی جوڵانەوەی رزگاری و ئازادیخوازی خەباتە چەکدارییەکە دەخاتەڕوو. سەرباری ئەوەی بەهۆی ئەو دۆخە شۆڕشگێڕییەوە ئەم تێڕوانینە دژی هەندێ لەمافەکانی ژن و ئازادی ژن وەستاوەتەوە، بۆنموونە ئەم تێڕوانینە بۆچوونی وایە ژن کاتێك دەتوانێت عاشق بێت و مومارەسەی ئەوین و خۆشەویستی و عەشقی خۆی بکات، کەنیشتیمانەکەی ئازاد بێت، ئەگەرنا هیچ مانایەکی نابێت ئەو عەشق و خۆشەویستییە، ئەڵبەت ئەمە لەڕوانگە شۆڕشگێڕییەکەوە رەوایە، بەڵام کاتێك باس لەمافی ژن و ئازادی ژن بەشێوەیەکی سروشتی دەکەین، ئەوا ناتوانین ژن کۆت و پێوەند بکەین بەمجۆرە تێڕوانینەوەو مەرجی بۆدابنێین.

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. سەرهەڵدانی خەباتی سیاسی و چەکداری لەباکووری کوردستان پەیوەندی بەچەوساندنەوەی نەتەوەیی کوردەوە هەیە، کەلەتورکیا پەیڕەوکراوە. بۆیە ئەو خەباتە هەر لەسەرەتاوە لەتەنیشتی پیاو پشتی بەژنیش بەستووەو لەچوارچێوەی هەردوو بواری سیاسی و چەکداریدا رێکیخستووە، بەمەش ژنان رۆڵی بەرچاوو کاریگەریان لەو خەباتەدا هەبووە.
2. لەئایدۆلۆجیای سیاسی و هزری خەباتی چەکداری باکووری کوردستاندا بەووری باس لەچەمکی ئازادی ژن و ژنی ئازاد کراوەو گرێدراوە بەمەسەلەی ئازادی و رزگاری نیشتیمانی و نەتەوەیی و خاکەوە.
3. مەسەلەی ئازادی ژن لەتێڕوانینی خەباتی چەکداری باکووری کوردستاندا لەدەرەوەی ئازادی جلو بەرگ و رواڵەتە، بەڵکو رەهەندێکی قوڵی فەلسەفی و هزری هەیە، بەجۆرێ پەیوەستکراون بەماهیەت و گەوهەری ژن و ناسینی خودو هۆشیاریی و ئاگاییەوە.
4. لەدیدی ئەم خەباتە چەکدارییەدا مەسەلەکانی عەشق و ئەوین و جوانی ژن پەیوەستن بەئازادی و هۆشیاری خودی ژنەوەو دوورن لەڕوانینە کلاسیکییەکان، بەشێوەیەك ژن ناتوانێ عەشق و جوانی و ئەوینی خۆی بەرجەستە بکات تاوەکو ئازاد نەبێت ژ وەك خودی خۆی و چ وەك ئەوەی هۆشیاری لەمەڕ ئازادی هەبێت و دواتریش بیری رزگاری چینایەتی و نەتەوەیی.
5. لەبیرکردنەوەی خەباتی چەکداری باکووری کوردستاندا گەر بتوانرێت ژن پەروەردە بکرێت و ئامادەساز بکرێت لەڕوانگەی شۆڕشگێڕییەوە، ئەوا دەتوانێت هاوشانی پیاو رۆڵی گەورە لەجوڵانەوەی سیاسی و خەباتی چەکداریشدا بگێڕێت و بەکرداریش لەنێو ئەم خەباتە چەکدارییەدا چەندان ژنی شۆڕشگێڕو سەرکردە بەدیدەکرێت.
6. ئازادی ژن کاتێك بەدیدێت، کەژن توانیبێتی خۆی ئازاد کردبێت لەو کۆت و پێوەندە کۆمەڵایەتی و نەریتیانەی بوونەتە رێگر لەبەردەمیدا بۆئەوەی بتوانێت ژنێکی ئازاد بێت. لەمەشدا خەباتی چەکداری باکووری کوردستان جەخت لەیەکسانی چینایەتی و رەگەزی لەنێوان ژن و پیاو دەکاتەوەو بڕوایان وایە ژن کاتێك دەتوانێت ئازاد بێت کە لەگەڵ پیاو لەئەرك و مافەکاندا یەکسان بێت.
7. لەڕوانینی خەباتی چەکداری باکووری کوردستاندا لەتەنیشت سیستەمە سیاسییەکان خێزان وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بەو شێوازە دواکەوتووەی هەیەو پڕە لەکێشەو گرفت یەکێك لەرێگرە سەرەکییەکانی بەرجەم ئازادی ژن و بەرهەمهێنانی ژنی ئازادە بەوپێیەی وەزیفەو ئەرکەکانی تەنها لەچوارچێوەی خێزاندا کورتکراوەتەوەو داڕنراوە لەئەرك و رۆڵە شۆڕشگێڕییەکان.
8. پەیوەندی و دیالەکتیکی نزیك و قووڵ لەنێوان ئازادی ژن و ژنی ئازادا هەیەو پەیوەندییەکی راستەوانەو پێکەوە گرێدراون، بەجۆرێ تا ژن ئازاد نەبێت بەو تێڕوانینە چینایەتی و رەگەزی و شۆڕشگێڕییەی ئەم خەباتە چەکدارییە هەیەتی ناتوانێت ببێتە ژنێکی ئازاد.
9. لەڕوانگەی هزری خەباتی چەکداری باکووری کوردستانەوە فەلسەفەو دروشمی (ژن، ژیان ئازادی) لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کەژن بتوانێ وەك ژنێکی شۆڕشگێڕ رۆڵی خۆی گێڕابێت و هەموو ئازادییەکانی خۆی بەدەستهێنابێت و هیچ جۆرە چەوساندنەوەیەکی لەسەر نەمابێت، بەوپێیەی ژیان بەئازادی ژنەوە جوانەو مانای خۆی دەدات.

**لیستی سەرچاوەكان**

یەكەم- كتێب

ئەلف- بەزمانی عەرەبی:

1. ابراهيم الداقوقى: اكراد تركيا، ط2، دارئاراس للطباعة والنشر، اربيل، 2008.
2. اندرو فنكل ونوكهت سيرمان: تركيا، المجتمع والدولة، ت(محمد الدورى وعدنان مصطفى)، ط1، دارالحكمة، بغداد، 2002.
3. د.جبار قادر: قضايا كردية معاصرة، كركوك- الانفال- الكرد وتركيا، دار اراس للطباعه والنشر، اربيل، 2006.
4. د.خليل على مراد واخرون: القضية الكردية وتاثيرها على دول الجوار، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، جامعة الموصل، مركز الدراسات التركية،1994.
5. د.سيار الجميل: العرب والاتراك، الانبعاث والتحديث من العثمنة الى العلمنة، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 1997.
6. رعد عبدالجليل مصطفى خليل: العنف السياسى فى تركيا، دراسة فى الاسباب والمظاهر، معهد الدراسات الاسيوية الافريقية، سلسلة الدراسات التركية، رقم(3).
7. صبرية احمد لافى: الاكراد فى تركيا، معهد الدراسات الاسيوية الافريقية، جامعة المستنصرية، سلسلة الدراسات التركية(22)، 1985.
8. عبدالله اوجلان: خارطة الطريق، قضايا الدمقرطة فى تركيا، نماذج الحل فى كردستان، ت(زاخو شيار)، مط(ازادى)، 2012.
9. عبدالله اوجلان: مانيفيستو حرية المرأة فى القرن الحادى والعشرين، منسورات اكاديمية المرأة الحرة، مطبعة(روناهى)، نيسان 2003.
10. عبدالله اوجلان: مسالة الشخصية فى كوردستان، خصائص المناضل الثورى وحياة الحزب، مط(روج).
11. عبدالله اوجلان: تحرير االجنسوية الاجتماعية، بدون طبع ومكان الطبع وسنة الطبع.
12. عبدالله اوجلان: مختارات، من مرافعات القائد عبدالله أوج الان، منشورات قسم الترجمة العربية فى لجنة الإعلام والتنوير.
13. عقيل سعيد محفوض: تركيا والاكراد، كيف تتعامل تركيا مع القضية الكردية، المركز العربى للابحاث ودراسة السياسيات، الدوحة- قطر، 2012.
14. مخطوطات كارل ماركس لعام 1844، ترجمة(محمد مستجير مصطفى)، دار الثقافة الجديدة، دار الطباعة الحديثة، القاهرة، 1974.
15. ميخائيل م.جونتر: الاكراد ومستقبل تركيا، ت(د.سعاد ابراهيم خضر)، ط1، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2007.
16. نوبار هوفيسبيان واخرون: تركيا بين الصفوة البيروقراطية والحكم العسكرى، ط1، مؤسسة الابحاث، بيروت.
17. هنرى باركى واخرون: القضية الكردية فى تركيا، ت(هفال)، مطبعة مؤسسة ئاراس، هولير، 2007.
18. مجموعة المؤلفين: الوحدة الوطنية ومشكلة الاقليات فى العالم الثالث، ط1، مطبعة التعليم العالى، الموصل، مركز دراسات العالم الثالث، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد،1989.

بێ- بەزمانی كوردی:

1. حەسەن جودی: مێژوویێك لە ئاگر، چاوپێكەوتن لەگەڵ جەمیل بایك، چ1، 2008، لە بڵاوكراوەكانی كۆمیتەی راگەیاندنی(پ.ج.د.ك).
2. كرستینا كۆیڤۆنەن: جەنگی شاراوە لە باكوری كوردستان، و.(د.یاسین سەردەشتی)، چ1، چا(روون)، سلێمانی.
3. گەریلا موراد تورك: بیروەری گەریلایەك، و.(رێبوار هەمەوەندی)، چ1، چاپخانەی(ئازادی)، سلێمانی.

4. نوخشـە عەبدوڵا: رۆڵی ژن لەژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسـی باشووری كوردستاندا، چ1، چاپخانەی(روون)، سلێمانی، 2007.
5. عەبدوڵا ئۆجەلان: شـۆڕشـی كۆمەڵایەتی و ژیانی نوێ، و.(ئەسـتیرە عەبدولجەبار)، چ1، چاپخانەی(رەنج)، سـلێمانی، 2012.
6. عەبدوڵا ئۆجەلان: عەشقی كورد، و.(ئەستێرە عەبدولجەبار)، چ2، بێ بوونی شوێن، 2018.
7. عەبدوڵا ئۆجەلان: رێبەرایەتی یەكەكە رێبەرایەتی ژنی ئـازادە، و.(ئەكـادیمیـای زانسـتە كۆمەڵایەتییەكـانی عەبدوڵا ئۆجەلان)، چ1، بێ چاپخانەو شوێنی چاپ، 2015.
8. مهاباد قەرەداغی: شەرەفنامە، چ2، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2004.
9. ماجید خلیل فتاح: رێكخستنە سیاسییەكانی باكووری كوردستان، هەولێر، 2012.

جیم- بەزمانی فارسی:

1. جمیل بایك: تاریخ حزب كارگران كردستان PKK، ج(اول)، چ1، چاپخانە(ازادی)، 2006.
2. عبدالله اوجـالان: زبـان وعمـل انقلاب، ت(گروه اكـادمی اجتمـاعی علوم اجتمـاعی عبـدالله اوجـالان)، نشـر اول، چاپخانە(ازادی)، 2008.
3. عبدالله اوجلان: مسایل خودسازی حزبی و وظایف ما، جلد اول، مركز نشر اثار واندیشە های عبدالله اوجالان، چاپخانەی ازادی، 1387.

دووەم- نامە زانكۆییەكان:

1. د.طلال یونس الجلیلی: صـعود التیار الاسـلامی فی تركیا، رسـالة دكتوراه غیر منشـورة، كلیة التربیة، جامعة الموصـل، 1999.

سێیەم- گۆڤار:

ئەلف- بەزمانی كوردی:

1. ژیان: ئازادی ئافرەت لەروانگەی شۆڕشەوە، گ(رۆژ)، ژ(16)، ئایاری 1999، یەكێتی خوێندەڤان و لاوانی وڵاتپارێزی كوردستان.
2. سـەروتار: لەناو تەڤگەری ئازادیدا ژنان خۆیان خاوەن بڕیاری خۆیانن، گ(تروسـكە)، ژ(157)، چوارشـەممە (2017/3/1)، سلێمانی.

بێ- بەزمانی عەرەبی:

1. افراح جاسـم: موقف الاحزاب الاسـلامیة التركیة من القضـیة الكردیة فی تركیا، مج(دراسـات اقلیمیة)، ع(10)، مركز الدراسات الاقلیمیة التركیة، جامعة الموصل.

چوارەم- رۆژنامە:

ئەلف- بەزمانی كوردی:

1. رۆژی (1978/11/27) پێچێكی مەزنە لە دیرۆكی كوردو مرۆڤایەتیدا، ر(وڵات)، ژ(42)، دووشـەممە(28 تشـرینی دووەمی 1994).
2. رێژین: خێزان و شۆڕش و دژە شۆڕش، ر(ژیانی ئازاد)، ژ(3)، (25ی ئابی 1997).
3. ژن و ژیان لەفەرهەنگی ئاپۆدا، ر(ژیانی ئازادی)، ژ(1)، (21ی تەممووزی 1997).
4. شیلان: شۆڕش بێ بەشداری ئافرەت سەركەوتنی مەحاڵە، ر(ژیانی ئازاد)، ژ(سفر)و دووشەممە(7ی تەمووزی 1997).
5. عبدالله اوج الان: كیف یجب ان نعیش؟، ر(وڵات)، ژ(54)، دووشەممە(27ی شوباتی 1995).
6. عبدالله اوج الان: مفهوم الجمال لدینا هو مستوی الوعی، ر(وڵات)، ژ(86)، شەممە (1995/9/16).
7. عبدالله اوجلان: تحریر المراءة الكوردستانیة تحرر لكوردستان، ر(وڵات)، ژ(56)، (13ی ئاداری 1995).
8. علی فرات: كێشەی ماف و سەربەستی ئافرەت، بەشی یەكەم، ر(وڵات)، ژ(سفر)، مایسی 1993.
9. عەبدوڵا ئۆجەلان: بروسـكەیەك بۆ هەموو هەڤاڵانی تێكۆشـەر ناوچەی سـۆران، ر(ژیانی ئازاد)، ژ(19)، پێنجشـەممە (12ی شوباتی 1998).
10. عەبدوڵا ئۆجەلان: چۆن بژین؟ بەشی پێنجەم، ر(ژیانی ئازاد)، ژ(18)، (5ی شوباتی 1998).

11. عەبدوڵا ئۆجەلان: روونكردنەوەيەك سەبارەت بەپرسی ئافرەت، ر(ژيانی ئازاد)، ژ(15)، (15ی كانوونی دووەمی 1998).
12. فاشيزم و ژن، رۆژنامەی(ژيانی ئازاد)، ژ(46)، پێنجشەممە (1998/9/17).
13. نەسرين: كێشەی ئافرەت و شۆڕش، بەشی دووەم و كۆتايی، ر(وڵات)، دووشەممە (26ی حوزەيرانی 1995).
پێنجەم- ئينتەرنێت:
1. وائل سليمان: ماهو الديالكتيك؟ انظر https://www.arageek.com/l/%d9%85%d8%a7-%d9%87%d9%88-%d8%a7%d9%84%d8%af%d9%8a%d8%a7%d9%84%d9%83%d8%aa%d9%8a%d9%83
2. ايان بيرشال: ماهو الديالكتيك؟ انظر https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=787421.
3. عادل عبد الزهرة شبيب: الماركسية والمرأة انظر https://tareeqashaab.com/index.php/sections/people-s-lives/711-2021-03-09-19-02-54.
4. شارون سميث: الماركسية والنسوية وتحرر النساء، ترجمة من الانكليزية (وحدة الترجمة باليسار الثورى)، انظر https://elthawry.wordpress.com/2014/10/19/141019.
5. نجيبه قرداغی: مبتكر فلسفة (المرأة، الحياة، الحرية)، انظر https://anfarabic.com/%D9%83%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86/mbtkr-flsft-almrat-alhyat-alhryt-hw-alqayd-awjlan-1-84185